# ئیبراهیم یونسی

## ١٩٢٦ – ٢٠١٢/٢/٨



**ئامادەکردنی: محەمەد حەمە باقی**

١- ئیبراهیم یونسی ساڵی ١٩٢٦ز - ١٣٠٥ هەتاویی لە شاری (بانە)ی خۆرهەڵاتی کوردستان بەدنیا هاتووە.
٢- باوکی ناوی (سلێمان) ونەوەی (یونس خان)ی ناودار و فەرمانڕەوای شاری (بانە) بووە.
٣- لە بنەماڵەیەکی ناودارو ڕەسەن و دێرینەو لە باوکەوە بنەماڵەیەکی داراو دەوڵەمەند بوون.
٤- هێشتا منداڵ بووە، کە دایکی کۆچی دوایی کردووە و نەنکی (دایکی دایکی) و باپیری گرتوویانەتە خۆیان و بەخێویان کردووە و باوکیشی سەرپەرشتی و پێویستییەکانی ژیانی بۆ دابین کردووە.
٥- ساڵی (١٩٣١ - ١٣١٠هەتاویی) ناسنامەی باری کەسێتی لە شاری (بانە) بۆ دەرهێنراوەو هەمان ساڵیش هەر لە (بانە) چۆتە قوتابخانەی (پەهلەوی)ی، کە پێشتر بەناوی (ئەحمەد شا)وە، ناوی قوتابخانەی (ئەحمەدییە) بووە.
٦- ساڵی (١٩٣٨ز - ١٣١٧ هەتاویی) قوتابخانەی سەرەتایی لە شاری (بانە) تەواوکردووە و بە سۆنگەی ئەوەوە، کە شاری (بانە) لەوکاتەدا قوتابخانەی (ناوەندی) تێدا نەبووە، براوەتە شاری (سەقز) و ساڵی ١٩٤١ز- ١٣٢٠ هەتاویی قۆناغی ناوەندی تەواوکردووە.
٧- ساڵی (١٩٤١ - ١٩٤٣ز — ١٣٢٠ - ١٣٢٢ هەتاویی)، بەو هۆیەوە کە وڵاتی ئێران، لەلایەن وڵاتانی هاوپەیمانی جەنگی دووەمی جیهانەوە داگیر کراوە، بۆیە سوپای ئێران داوای لە هۆزو خێڵەکان کردووە، تا منداڵانیان بۆ قوتابخانەی (سەربازیی) بنێرن.
٨- لەم ڕێکەوتەدا ئیبراهیم یونسی ساڵی ١٩٤٣ز - ١٣٢٢هەتاویی، لەڕێگەی لەشکری کوردستانەوە، بە ناوەندی سوپایی تاران (دبیرستان نظام تهران) ناسێنراوەو دواناوەندی لەوێدا تەواو کردووەو دواتر چۆتە کۆلێژی ئەفسەریی و ساڵی ١٩٤٨ز - ١٣٢٧هەتاویی، بۆتە (ملازم دووەم - ستوان دوم)ی سواریی و لە لەشکری (٤ی ورمێ - ڕەزائیە)دا، بۆتە ئەفسەرو هەر لەم ماوەیەشدا، کە لە (ورمێ) بووە، لەگەڵ (ڕۆزاخانم)ی بە ئایین ئەرمەنی دا، ژیانی خێزانی پێکدێنێ(١).
٩- زستانی ساڵی (١٩٥٠ز - ١٣٢٩ هەتاویی)، هەر لە (ورمێ)، لە مانۆڕێکی سەربازییدا، گوللەیەك بەر لاقی چەپی دەکەوێ و بەهۆیەوە لاقی چەپی دەبڕدرێتەوەو هەر لەو ساڵەشدا بۆ (تاران) گوێزراوەتەوەو ئیتر لەو مێژووە بەدواوە، هەموو تەمەنی، لەسەر کورسییەکی گەڕۆك ژیاوە.
١٠ ساڵی ١٩٥٤ز - ١٣٣٣ هەتاویی، لەگەڵ ئەفسەرانی سەر بەسازمانی حیزبی تودە (کۆمۆنیست)ی ئێرانی، گیراوەو لەسەر ئەوەی لەگەڵ گروپی دووەم (واتە: لەبەرپرسانی ئەفسەرانی سازمانی حیزبی تودە) بووە، فەرمانی لە سێدارەدانی بۆ دەرچووە، بەڵام بە سۆنگەی کەم ئەندامییەوە، سزای لە سێدارەدانی، بۆتە حوکمی ئەبەدیی.
١١- هەر لەناو زیندان و لەڕێگەی خوێندنەوەوە، خۆی فێری زمانی ئینگلیزی کردووەو چەند کتێبێکی لە زمانی ئینگلیزییەوە بۆ زمانی فارسی تەرجەمە کردووە.
١٢- ساڵی ١٩٦٢ز - ١٣٤١هەتاویی، پلەیەکی زیندانیکردنەکەی سووك دەکرێتەوەو لە زیندان ئازاد دەکری.
١٣- لە دوای ئازاد بوونییەوە، ماوەی (٣ سێ) ساڵ بێکار بووەو لە ئاکامدا بەهۆی وەرگێڕی ناودار- خوالێیخۆشبێ: (محەمەدی قازی)یەوە، وەك وەرگێڕێك بە کۆمپانیای (لامپساکس) ناسێنراوەو تیایدا دەست بەکار بووە.
١٤- ساڵی ١٩٦٥ز - ١٣٤٤هەتاویی، کە بەڕێوەبەرایەتییەکی نوێ، بەناوی (سازمانی ئاماری ئێران)ی، سەر بەسازمانی (بەرنامە) پێکدێ و لەوێ بەناونیشانی سەرۆکی دەسگای وەرگێڕان و دواتر بە ناونیشانی یاریدەدەری ئۆفیسی گشتی و نێونەتەوەیی و پاشان بە پلەی ڕاوێژکاری سەرۆکی بەڕێوەبەرایەتییەکە، دادەمەزرێ.
١٥- ساڵی ١٩٧١ز - ١٣٥٠هەتاویی، بۆ خوێندنی باڵاتر بۆ فەرەنسا چووەو لە زانکۆی (سۆربۆن) وەرگیراوە.
١٦- ساڵی ١٩٧٦ز- ١٣٥٥هەتاویی، بڕوانامەی دکتۆرای لە بواری ئابووریدا (بە پلەی زۆر باش) لە هەمان زانکۆ وەرگرتووە، کە ناونیشانی نامەکەی بریتی بووە لە: (پێگەی کشت و کاڵ لە ئابووری ئێراندا).
١٧- ساڵی ١٩٧٩ز، دوای شۆڕشی گەلانی ئێران، کە (مهندس بازرگان) بووە یەکەمین سەرۆك وەزیرانی کۆماری ئیسلامی ئێران، لەلایەن (ئەحمەد سەدر حاجی سەیید جەواد)ی وەزیری ناوخۆوە، کرایە یەکەمین پارێزگاری شاری (سنە)، بەڵام هەر تەنیا ماوەی چوار مانگێك پارێزگار بووە و دواتر لەسەر داوای خۆی، خانەنشین بووەو لەوە بەدواوەو هەتا کۆچی دوایی کردووە (٢٠١٢/٢/٨ز)، بۆ هەمیشە ئەویندارو تەرخانی نووسین و وەرگێڕان بووە، کە ژمارەی بەرهەمەکانی گەیشتونەتە (٩٠نەوەد) کتێب و ئەمەش لیستێکی زۆرینەی کارەکانییەتی:(٢)

پەراوێز:
١- لە تەمەنی ئەم خێزان پێکهێنانەشدا لەگەڵ (ڕۆزاخانم)، سێ کچ و کوڕێکیان بەناوەکانی: مەریەم، نوشین، سیروان، ئازاد بووە.
٢- ئەم زانیارییانە، لە چەندین سەرچاوەو بەتایبەتیش لەم سەرچاوەیە وەرگیراوە: یکی از ما، خاطرات و دیدگاەهای استاد ابراهیم یونسی، درگفتگوبا: امیر حاجی صادقی، انتشارات نشر کوچك، چاپ اول، تهران، زمستان ١٣٨٣ ش.